# مان گرتنی بزاڤی ژنان لە تاران بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە یاسای دەستووری ئێران

بزاڤی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان هاودەنگ لەگەڵ بزاڤی ژنانی ئێران بانگەوازی مان گرتنێکی کردوە بۆ رۆژی 22ی جۆزەردان لەبەر دەرکی زانکۆی تاران لە شەقامی ئینقیلاب.ئەم بانگەوازە کە زۆر رێکخراوە و کەسایەتی چالاکی بزاڤی ژنان و خوێندکاران و تەنانەت پیاوان پشتیوانیان لێ کردوە بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە پێشێل کردنی مافی ژن لە یاسای دەستووری ئێراندایە.بزاڤی ژنانی ئێران گەیشتوونەتە ئەو قیناعەتەی کە یاسای دەستووری گەورەترین کۆسپی سەر رێگای ژنانی ئێرانە و دەبێ بە گشتی بگۆڕدرێ.

شایانی باسە بزاڤی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەیاننامەیەکی نووسیوە و لەوەدا ئاماژەی بە چەوسانەوەی نەتەوەیی و چەوسانەوەی جنسییەتی ژنانی کورد کردوە و لەگەڵ داوای گۆڕینی یاسای دەستووری ئێران داوای مسۆگەر بوونی دیموکراسی و ئاشتی و ئازادی و فیدرالیزمیش دەکات.

ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی ، رێکخراوەی ئازەرمیهری سنە ،رێکخراوەی ژینگەی رێگای سەوزی سنە و ژنانی پێشڕەوی مەریوان و رێکخراوەی کولتووری کۆمەڵایەتی ژنانی مەریوان ورێکخراوەی ژنانی بانە ئەم بانگەوازیان ئیمزا کردوە و تێیدا بەشدار دەبن.

بۆ زانیاری زیاتر و پشتیوانی لەم هەنگاوە دەتوانن سەیری ئەم سایتە بکەن:

http://www.iftribune.com/news.asp?id=19&pass=30